خەونمان لە خاکدا

یەدوڵڵا ڕوئیایی
لە فارسییەوە: سامان ئەحمەدی

لە چنینی چەند ئێسکەوە، خاک
تێکەڵ لە ئێسک پێکدێت
کە لە قەبارەی تێکەڵبووندا خەوتووە

تێکەڵبوونی ئێسکیەل لە خاکدا
کاری دەمودەست نییە
هەنتەشی چرکەی دەمەنی دەستە

سەودای ئێسکیەل بەڵام
لە کاری خاکدا
تێکەڵبوونێکی ترە، کە سەودای دەست نییە

سەودای دەست دەمەنی تێکەڵبوونی پێ
لە قەفەسەکەیدا بەتاڵ لە چەند ئێسکی
وەک قەفەس بەتاڵ
نادۆزرێتەوە
بەتاڵ ناخی ڕۆیشتووی نادیار لە تێکەڵبووندا
بەتاڵ شەلەباڵندەی بێ قەبارەی پەشێو

پاریس، پایزی ٢٠١٤



ڕەوتاری ڕێباز

هەمیشە شتی ئاڵۆز
بانگهێشتی ئاڵۆزە لە شتێک
کاتێ لە نێوانیاندا نێوانێک هەیە
ڕەوتاری ڕێباز گرژە

هەرچی لێکچووە، لە خولگە دادەکەوێت
ناو دەڕەوێت لە ناودێن(١)
مەودایەک بە مەودایەکی دی
دەپێورێت
ئەوەی کە تێی دەڕوانم، ئیتر
ئەوەە نییە کە تێی دەڕوانم
فەرامۆشی شێوەی کەش دەگرێت
پیت ڕا دەکاتن لە پیت
ڕەوتاری ڕێباز، هەڵگۆڵینی مەودایە، کێشانەوەی سنوورو
بەربەست،
چەقۆ!
درک و ڕووشان، گاسن، ڕەوتاری پەڕ!
کۆتری کێڵانە.
هەستی دەرکەوتن! نەرد! دابەشینی خاڵ(٢)، ئاس(٣)،
مەبەستی مۆرە(٤)!
ئەو
تێپەڕینی میلی کات لە تەی(٥)
داتاشینی مەودا لە دندووک

لە کۆچی وشەدا ڕێباز دەبێتە شوێنێک بۆ زانین و
دانانی سنووری بیابان
بەرتەنگ دەکاتن لە نیشانە، بە دندووک
میلی کات – لا ڕێباز(٦) – لە ڕێباز دادەکەوێت.

هەردەم لە کۆچدا شتێک وەدەسڕدرێت(٧)
سڕانەوەی وەستان
سڕانەوەی وەستان، کۆچی سڕانەوەیە و
هەڵلووشینی ڕستە لە درێژایی دەستدا
هەڵلووشینی دەستیش لە درێژایی ڕستەدا.
ئەوبەری تێفکرین، سنوور دەبەزێنێت سنوور
کاتێ لە ئەی شتدا، دوورنوێنی وشە نوستووە
کە ڕواڵەتییە و
ڕواڵەتیش لە بنەوەی تاریکایی شترا دێت
کە ناخەکییە.

ڕەوتاری ڕێباز گرژە و
هەرچی لێکچووە لە خولگە دادەکەوێت
کاغەز کە تینوومان دەبێت
شێوازشێوە دادەتاشێت و
سەرلەبەری من، تێکڕای بەشی منە لە دەق.

لە نووتەکی زماندا

لە نووتەکی زماندا دەماری بێدار
ڕوخساری تاریکی خەو
دەباتن دوورتر لە خەو

دوورتر لە کات
شەودادێنێ وشە

کاتەدوورەکانیش
– ڕێکەوەندی تاریکی سەربردە –
مێژووی کات دەزێنن نووتەک
لە خەون، لە وشە
هەردووکیان لە بەرانبەر شەودا

ئەو کاتانەی نادیارن
ئەو کاتانەی ونن

کاتگەلێ بەدرێژایی وشە دوورەکان
کاتگەلێ دەفتەر و ڕێزمان

دەرەوەتر لە من

کەونارای ئەشکەوت پیرۆزتر لە حۆری
جوانتر لە پەری

ساڵەکانم لە ڕەوتار دەکەون
کاتێ وچانگە لە گەڕانەوەدا
ئیتر وچانگە نییە

چ پیاسەگەلێکی چەندەکەی؟
لە کاتگەلێ چەندە دووردا!
لەوێ
لەدواییین جۆردا، دواییین جۆری مرۆڤ
لەوێ
دیسان لەوێ
هەردەم لەوێ

ڕیز لە ژمارە دەکەوێ
وەکو ژمارە لەڕیز

ناخێکە خۆی
لەگەڵ خۆی دەبات و
جێی دێڵێ لەدەرێ
– بەتاریکیدا –

مردنیش
کە دادەتاشێتن لەخۆی مەرگ.

پەراوێزەکانی وەرگێڕ:

(١) ناودێن: وشەی [کنام] لە زمانی فارسیدا سێ مانای هەیە: (١) هێلانە، یان کونی گیانلەبەران (٢) لەوەڕگە (٣) شوێنی حەسانەوە، وچانگە. لە شیعرەکەدا باسی ڕەوینی ناو لە کونەناو دەکات، من بۆ جوانکاری لەسەر پێوانەی (ناندێن) لە زمانی کوردیدا، وشەی (ناودێن)م ڕۆنا؛ واتە زەرفی ناو.

(٢) خاڵ: لە یاریی پەڕێندا، بە هەرکام لە چوار نەخشەکەی سەر پەڕەکانی پەڕێن دەڵێن خاڵ؛ خاڵی خشت، خاڵی گشنیز.

(٣) ئاس: پەڕێکە لە پەنجا و دوو پەڕەکەی یاریی پەڕێن.

(٤) مۆرە: لە یاریی تەختەنەرد (تاوڵە)دا، شەشپاڵوویەکی بچووکە، بەسەر ڕووبەرەکانییەوە چەند خاڵێک لە ١ تا ٦، بە نیشانەی ژمارە نەخش کراوە.

(٥) تەی: [لە عەروزدا – زیحاف] تەی (الطي)؛ کورتکردنەوەی بڕگەی درێژی دووەمی پێیە لە سەبەبدا، یان لابردنی پیتی وەستاوی چوارەمی پێیە لە سەبەبدا. ئەو پێیەی تەی بچێتە سەر، پێی دەگوترێت مەتوی (المطوي). تەی ئەم پێیە ناسەرەکییانەی خوارەوە دروست دەکات: موستەعیلون دەگۆڕێت بۆ موفتەعیلون؛ یان مەفعولاتو دەگۆڕێت بۆ فاعیلاتو. "کێشناسیی کوردی، نووسینی عەزیز گەردی، چاپی یەکەم ٤١٠٢، کتێبخانەی نارین."

(٦) لا ڕێباز: [بیرکاری] لا؛ وەک لای وەستاو، لاڕێک، لای لار. لێرەدا ڕێباز، وەکو شێوە لای هەیە.

(٧) وەدەسڕدرێت: دەسڕدرێتەوە.

سەرچاوە:

(١) http://royai.malakut.org

(٢) مجلەی نوشتا، ماهنامەی بین المللی ادبی و هنری، سال اول، شمارەی یکم، بهمن ١٣٨٥.